# نامەیەكی كراوە بۆ بەڕێز (مەســـعود بـــارزانی)

بەڕێز:

بێشك بە ووردی ئاگاداری وەرگرتنەوەی دەعوانامەكەی یەكگرتووی ئیسلامیت, كە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا لەسەر بەڕێز(سەرۆقادر) بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە دادگای شاری هەولێر تۆماریان كردبوو. بە تۆمەتی ئەوەی كە (سەرۆقادر) لەبەرنامەی(چاوی سێهەم)ی كەناڵی كوردسات شەوی 2006/6/10 دا ووتبووی: (یەكگرتووی ئیسلامی سەرچاوەو بەرهەمهێنەری تیرۆرە لە كوردستان). دەستهەڵگرتنی یەكگرتووی ئیسلامی لەسەر دەعوانامەكەیان لە ڕۆژی 2006/7/5 دا, لەكاتێكدا هات كە, (سەرۆقادر) بۆ كەناڵەكانی ئاشكرا كردكە, ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەیە لە دادگاداو بەڵگەنامەیەكی زۆری بۆ سەلماندنی قسەكانی كۆكردۆتەوە , كە یەكێك لەوانە پەیوەندی نێوان یەكگرتووی ئیسلامیە لەگەڵ تیرۆركردنی هاوریانی ڕابەری ئێمە (شاپۆر عبدالقادر و قابیل عادل) لە ڕۆژی 1998/4/18 دا لە شاری هەولێر!!.

من وەك تەواوی ئازادیخوازانی كوردستان لەسەر بەو باوەڕم كە (سەرۆقادر ) هیچی نەووتووە, ئەوەی ئەو لەو دیمانە تەلەفزیۆنیەدا بەرامبەر یەكگرتووی ئیسلامی دركاندی, ڕاستیەكە كە خەڵكی كوردستان زیاتر لە 10ساڵە بەتەواوی هەست و نەستیانەوە دركیان پێكردووەو بەسەدو یەك ڕێگاو زمان بەیانیان كردووە. كۆمپانیای بەرهەمهێنانی تیرۆریزمەكەی یەكگرتوو لە كوردستان خۆ بە نهێنی نەچەرخاوە تا پێویستی بەوە بێت یەكێك ئاشكرای بكات!. یەكگرتووی ئیسلامی بەپێش چاوی خەڵكەوە, هەرلەیەكەمین ڕۆژەكانی دروستبوونیەوە, ئیستیغلالی گرانی بازارو دەستكورتی خەڵكی كردو بەپارەو پوولی عەرەبستانی سعودیە وشیخ نشینەكانی كەنداو, هەزاران منداڵ و نێو جەوانی كێشایە مزگەوتەكان, وەكو سەربازگەیەكی ڕاهێنان, وێڕای ئەوەی هەزاران لاویان بە خۆیان و كەسوكارو خوشكوبرا و دراوسێ و هاوشاریەكانیان نامۆ كرد, هاوكات لەسەر جۆرەها شێوەی توندو تیژی و تەقاندنەوە باریان هێنان. هەموو كەس شاهیدی ئەوەیە كە دوای ووتارە پڕفتواكانی ئەندامانی سەركردایەتیان لە ڕۆژانی هەینیدا, گەڕەكەكان و بازاڕەكان و قوتابخانەكان و شوێنی كارو ژیانی خەڵكیان دەكرد بە جێگای گێڕانی مانۆڕی تیرۆریستی و توندوتیژی بەرامبەر بچوكترین سیمای مەدەنی ژیانی خەڵك وشارەكان . دەیان ساڵۆنی قژبڕینی ژنان, سینەماكان, دوكانەكانی مەشروب فرۆشی,ساڵۆنەكانی سەرگەرمی لاوان, بە فتواو هاندانی ئەمان تەقێنرانەوە. جەستەی دەیان ژنی مەدەنی پۆش بە تێزاب سووتێنرا, هەزاران ژن بە فتوای ئەمانەو بە پشتیوانی قانوون, بە دەستی نزیكترین كەسیان كوژران و لاشەیان خرایە ژێر گڵ!. تەنانەت ئێوەش وەك پارتی دیموكراتی كوردستان لەم هاندانە تیرۆریستیەدا بێ زیان نەبوون, تەقینەوەكەی سەلاحەدین و تیرۆركردنی چەندین كەسی سەركردایەتیتان, هەموو ئەم كردەوانە وان لە پراكتیكی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا, كە تیرۆریزم پایەیەكی سەرەكی ئیستیراتیژی بە دەسەلاّت گەیشتنیەتی.

یەكگرتووی ئیسلامی باڵی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیە,وباڵە سەربازیەكەشی (ئەنسار الاسلام)ە, كە سەدانی وەك (شێخ زانا)ی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.(شێخ زانا) چی كردبوو, جگە لە جێبەجێكردنی فتواو قسەكانی مەلا( بەشیر) و مەلا (سەلمان) ومەلا(عوزێر), كە بە ئەندازەی هەموو هونەرمەندانی كوردستان كاسێت وسیدی فتوا بەخشینەوەیان هەیەو لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی یەكگرتو و بونگاكانی سەر بەوانەوە بە ئاشكرا بلاّودەبێتەوە؟!.كەچی دوای كارەساتی (شێخ زانا) و لەبەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرداو لە تەلەفزیۆنی پارتیەوە, لە بری خەڵكی ئازادیخوازو مەدەنی و پێشكەوتنخوازی كۆمەڵگە, مەلا( بەشیر) ببووە ڕاوێژكەرو تەگبیركەری دەسەلاّت بۆدانانی پلانی دووبارە نەبوونەوەی كارەساتی (شێخ زانا)!!.

ئەمانە بۆچی فتوا دەدەن؟. پێتوانیە ئەگەر کەسانێکی پەروەردەی دەستی خۆیان شك نەبەن بۆ جێبەجێکردنی بە کردەوەی، فتوا بدەن؟. ئەوان دەزانن قسەو فتوا دانەکانیان ناچێتە هەواوەو سەر ئەنجام کەسانێك جا لە سۆنگەی بیروباوەڕەوە بێت، یان هەر شتێکی ترەوە، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن جێبەجێی بکەن. ڕۆژی 1998/4/17 مەلا بەشیر لە مینبەری مزگەوتەکان و کەناڵەکانی یەکگرتووی ئیسلامیەوە خوێنی هاوڕیانی ئێمە (شاپۆر و قابیل)ی حەڵاڵ کردو بڕیاری مەرگی بەسەردا دان، و ڕۆژی دواتر کەسانێك چوون لە ناوەڕاستی شاری هەولێر و بە پێش چاوی خەڵکەوە، ئەوەی مەلا (بەشیر) دوێنێ ووتبووی جێبەجێیان کرد!.

نازانم چەندێك ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی، باوەڕ بکە بەشێکی بەرچاوی نارەزایەتی چەند ساڵی ڕابردووی ژنان و لاوانی دڵ پڕلە هیواوخەڵکی مۆدێرن وئازادیخوازی کوردستان، بەرامبەر یەکێتی و پارتی، بێزاریانە لە سیاسەتی دەستگیرۆیی وهەڵڕشتنی پارەو پوول و دانانی دەزگای فتوا بەخشینەوە ودەسەلاتدار کردنی ئیسلامی سیاسیە بەسەر خەڵکەوە . دوای ڕووداوی کارەساتی(ئاوایی حەمە) و(شێخ زانا)، ئەگەر سیاسەتی چەوتی یەکێتی وپارتی لە ژێر ناوی (ئیسلامی ڕاستەقینە ودرۆینە) دا!. (ئیسلامی میانە ڕەوو و توند ڕەودا) نەبوایە ،خەڵکی کوردستان بۆ هەمیشە بارەگاکانی تیرۆریزمی ئیسلامی و لە پێش هەموویانەوە یەکگرتووی ئیسلامیان لە کوردستان دەبەست!.

بەرێز بارزانی:

من و حزبەکەم باوەڕی قووڵمان بەوە هەیە، کە تەنانەت دژی ئینسانی ترین وکۆنەپەرستانەترین بیروباوەڕ بواری هەڵسوڕانی سیاسیان پێ بدرێت و دەبێ بە تەواوی ئازاد بن لەوەی کە هەر ئۆرگان و نیهادو ڕێکخراوەیەك دروست دەکەن و هیچ ڕێگریەکیان بۆ دروست نەکرێت. ئینسانیەتی کۆمەڵگەی کوردستان و قەڵەم و بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی ئینسانەکان ئەگە بواری دەربڕینی بۆ بڕەخسێ ،ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەتوانێت وەڵامی هەر بیروبڕوایەکیان بداتەوەو بە هوشیاریەوە هەر بیروباوەڕێك بە کەڵکی ژیان وئاستی خەونەکانی خەڵك نەیەت، دەیخەنە کەنار. بەلام تیرۆریزم و هاندان بۆکردەوەی توندو تیژی و تێکدانی ئەمنیەت و ئارامی کۆمەڵگە، ئیتر بەیان کردنی بیروباوەڕ نیەو تاوانەو دەبێ دادگاییکردنی بە دواوە بێت. کەس لەبەر کۆنەپەرستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی داوای قەدەغەکردنیان ناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە 10ساڵی ڕابردوودا سەرەکیترین هۆی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و توندو تیژی بوون بەرامبەر کۆمەڵگەو خەڵك و دەسەلاتدارانی کوردستانیش هیچ مەسئولیەتیکیان لەبەرامبەردا لە خۆ نیشان نەداوە. ئەوەتا ئەندامێکی سەرکردایەتی و بەرپرسی ناوەندی دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی بە دروست و بەبەڵگەوەو بە دەیان بەڵگەی تری ئێمەشەوە دەڵێ :(( یەکگرتووی ئیسلامی سەرچاوەوبەرهەمهێنەری تیرۆرە لە کوردستان ))!، بۆ ئەمەش یەکێك لە بەڵگەکانی پەیوەندی یەکگرتووە لە گەڵ تیرۆری دوو ئەندامی سەرکردایەتی ئێمەدا!.چ بەڵگەیەکی تر پێویستە بهێنرێتەوە؟!.

یەکگرتووی ئیسلامی کە دەزانێ چ کارەساتێك لە مێژووی کردەوەکانیدایە، بە قازانجی خۆی دەبینێ، کە ئەم ژێر کاسەیە نەخرێتە سەر کاسەو بێ دەنگەی لێبکرێت، بەلام ئایا ئەی چی بە قازانجی خەڵکی کوردستانە؟!. ئایا بەڕاستی تەنیا بە وەرگرتنەوەی دەعوانامەکەی یەکگرتوو، ئیتر ئەو بەڵگانە دووبارە وەك پێشوو ئەرشیف دەکرێنەوەو یەکگرتووی ئیسلامیش بەرائەت وەردەگرێ؟!.ئێوە دەزانن ، نەك هەر کەسانێك کە تاوان دەکەن تاوانبارن و دەبێ بکێشرێنە دادگا، بەڵکو ئەو کەسانەی کە زانیاریان هەیە لەسەر تاوانباران و دەیشارنەوە، یان داڵدەی تاوانباران دەدەن، بە پێی یاسا ئەوانیش شەریك دەبن لە تاوانەکەداو تاوانبار دەبن. ئەم بەڵگانە بە قازانجی کێ و بۆچی تا ئێستا لە خەڵکی شاردراونەتەوە؟!. بۆچی ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی دەعوانامەکەی کێشایەوە، ئیتر مەلەفەکە دادەخرێ؟!.ئەی بەڵگەکان بۆ کوێ دەچن؟!.ئایا بەڕاستی تەنیا ڕوودانی تاوانێك کافی نیە بۆ ئەوەی دەسەلاتداران کە قەرارە لە ژیان و سەروماڵی خەڵکی مەسئول بن، بچن بە شوێنیداو ئەنجامدەرانی تاوانەکە ئاشکرابکەن و بیکێشنە دادگای عادیلانە؟!

بۆیە بەهۆی جێگاو ڕێگایەکەوە کە ئێستا ئێوە لە دەسەڵاتدارەتیدا لە کوردستان هەتانە, سادەترین چاوەڕوانی لێتان ئەوەیە, کە هەڵوێستێکی ڕۆشن دەربڕن. ئەگەر یەکگرتوو دەعوانامەکەی دەکێشێتەوە, ئێمەو خەڵکی کوردستان زۆر دەمێکە دەعوامان لەسەریان هەیە. چۆن دەکرێ و بە پێی کامە قانوون, یەکگرتووی ئیسلامی دەعوانامەکەی وەربگرێتەوەو دواتر بچێتەوە پەرلەمان و بارەگاکەی لە نێو چەقی شارەکاندا بێت ؟!. یەکگرتووی ئیسلامی دەبێ دادگایی بکرێت و هەڵسوڕانی سیاسی قەدەغە بکرێت.

**بەسلاوی دووبارەمەوە**

**تاهیر حەسەن**

2006/7/19